## (مستەفا) ی تەمەن 20 مانگ دەبێتە قوربانی نافوورەکەی ئاودەستی ژنان

**پ. هەولێر**

**منداڵێکی تەمەن 20 مانگ لە ناو حەوزی نافوورەکەی باخچەی بەرامبەر بە پارێزگای هەولێر دەخنکێت.**

دوای ئەوەی لە باخچەکەی بەرامبەر بە پارێزگای هەولێر، ئاودەستێکی گشتی بۆ ئافرەتان کرایەوە و ئەو باخچە بچووکەیان بەچەند حەوز و نافوورە رازاندەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سیاج و رەچاو نەکردنی ئەوەی کە ئەو حەوزانە کەوتۆتە بەردەم گەڕەکێی پڕ منداڵ، خۆرئاوای رۆژی شەممە رێکەوتی 12/16 منداڵێکی تەمەن 20 مانگ بە ناوی (مستەفا) دەکەوێتە نێو حەوزەکە و دەستبەجێ گیانی لە دەست دەدات.

(کەریم قاسم ئەلیاس) باوکی مستەفایە و تەنیا ئەو منداڵەشی هەبووە، ئەو لە بارەی خنکانی منداڵەکەیەوە بە (کوردستان راپۆرت)ی راگەیاند کە دوای خۆرئاوابوون منداڵەکەی بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت چووەتە نێو باخچەکە و کەوتۆتە نێو ئاوی حەوزەکە و خنکاوە، کەریم گوتی "نوێژی مەغریب بوو من لە دووکان بووم، هاتن وتیان منداڵەکەت خنکاوە، وتیان بۆ تەوارییان بردووە منیش چوومە تەواری دکتۆرەکان خوا خێریان بنووسێ، زۆریان هەوڵ دا بەڵام خوا بردیەوە، ئەلحەمدوللا"، لە بارەی چۆنیەتی رووداوەکەش گوتی "ئەو باخچەیە لە بەردەم ماڵی ئێمەدایە، لە پشتەوە فەتحەی هەیە، کراوەیە، سیاجیشی نییە، منداڵەکە بەوێدا چووە و کەس ئاگای لێ نەبووە،کەوتۆتە ناو ئاوەکە و خنکاوە".

ئەو پێیوایە شارەوانی و لایەنی پەیوەندیدار بەرامبەر بە پرۆژەکە و خەڵکی گەڕەکەکەیان کەمتەرخەمییان کردووە. "ئەو نافوورەیە کراوە لە گەڕەکێکی میللی دایە، لە پشتەوەی فەتحەی هەیە ، منداڵ دێن و دەچن، دانانی سیاج یان دوو ریز بلۆك دەتوانێت لە کارەساتی وا پێشگیری بکات، ئەوەش نەتیجەکەیەتی کە ئەو مناڵە خنکا، ئەگەر سەلامەتی هەبوایە و سیاجێکیان بۆ بکردبایە ئەو کارەساتە رووی نەدەدا".

## لە راپرسییەکدا 51٪ ی دەنگەکان سەرۆکایەتی ئۆردوگان رەت دەکەنەوە

**ئاژانسەکان:**

دوای ئەوەی کۆمپانیای (ئین ئای گی) هەستا بە ئەنجامدانی راپرسییەك لەسەر ئەوەی کە ئۆردوگان جارێکی تر وەك پاڵێوراو لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەشداری بکات، لە ئەنجامی ئەو راپرسییە کە لە نێوان 9 پارێزگا لە کۆی 81 پارێزگای تورکیا کرا، دەر کەوت کە زۆرینەی خەڵکی تورکیا سەرکردایەتی ئۆردوگان رەت دەکەنەوە. لە ئەنجامی راپرسییەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە رێژەی 35٪ی بەشدارانی ئەو راپرسییە کە ژمارەیان 2460 کەس بووە، رازی بوون کە ئۆردوگان سەرۆکایەتی ولاتەکەیان بکات، لە هەمان کاتدا 51٪ی بەشدار بووان سەرۆکایەتی وڵات لە لایەن ئۆردوگانەوە رەت کردۆتەوە. شایانی ئاماجەیە عەلمانییەکان بە هەموو شێوەیەك سەرۆکایەتی ئۆردوگان رەت دەکەنەوە.

*******

## دووکەسی عەرەب جانتای ئافرەتێکی کورد دەرفێنن

**پ.هەولێر:**

لە گەڕەکی (کرێکاران)ی شاری هەولێر، 2 کەسی عەرەب پەلاماری جانتای ئافرەتێکی کورد دەدەن و جانتاکەی دەرفێنن.

کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 12/23 لە گەڕەکی (کرێکاران)ی شاری هەولێر، 2 کەسی عەرەب پەلاماری جانتای ئافرەتێکی کوردیان دا و جانتاکەیان لێ رفاند. ئەوەش لە حاڵێکدا رووی دا کە ئەو ئافرەتە لەگەڵ خەسووەکەی لە بازاڕ بەروە ماڵەوە گەڕابووەوە. وەك سەرچاوەیەکی ئاگادار لە رووداوەکە باسیکرد، دوای پڕ

پێدا کردن و ڕفاندنی جانتاکەی لە لایەن یەکێک لەو دووکەسە عەرەبەوە، ئافرەتەکە هاوار دەکات و چەند کەسێکی دەوربەری خۆی بەخەبەر دێنێ کە جانتاکەیان ڕفاندووە، ئەوانیش بە پەلە دوای دزەکان دەکەون و ئەوەیان کە جانتاکەی پێبووە دەستگیری دەکەن و ئەوەی دیکەیان هەڵدێت. سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە کوردستان راپۆرتی راگەیاند کە تۆمەتبارەکان هەردووکیان بە ڕەگەز عەرەبن و خەڵکی (موسل)ن، یەکێکیان هەڵهاتووە و ئەوەی دیکەیان کە لە کاتی گرتنەکەیدا جانتاکەی پێبووە، تەسلیمی نەهێشتنی تاوان کراوە و دادوەری یاسایی بە پێی مادەی (446) لە یاسای سزادان بڕیاری بەند کردنی تۆمەتباری داوە.

******

## لە کاتی دزینی تەلەفزیۆندا دەستگیر دەکرێن

کاتژمێر 10ی شەوی شەممە ڕێکەوتی 12/23 پۆلیسی فریاکەوتن هەستان بە دەستگیرکردنی 3 تۆمەتبار کە 2تەلەفزیۆن و مۆبایلێکیان دزیبوو. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە کوردستان راپۆرتی راگەیاند کە دوای دەستگیرکردنیان تۆمەتباران تەسلیمی نەهێشتنی تاوان کراون و جگە لەو دزییەش کە لە فەرمانگەیەکی سەر شەقامی 100 مەتری کردوویانە، دانیان بە تاوانی دیکەدا ناوە وەك ئەوەی کە چەندین جار کێبڵ و وایەری کارەبای خانووی تازە دروستکراویان دزیوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش دا کە دادوەری یاسایی بە پێی مادەی (444) لە یاسای سزادان بڕیاری بەندکردنی تۆمەتبارەکانی داوە.